بە یەکێزی و هەماهەنگی، لایەنە کوردییەکان بڕیاری چارەسەری دەستووری بە قەیرانەکان دەدەن

پارتی و یەکێتی هایانگەیاند، هاوکات لەسەر چەکردنەوەی هەوڵەکان بۆ چارەسەری کێشە و دابینکردنی موچە و شایستە دارایییەکانی هەرێمی کوردستان و پتەوکردنەوەی پەیوەندییەکان بە ئاوەڵی ئاستەنگ و ئاڵنگارییەکان تێپەڕێنن و پارێزگاری لە قەوارەی هەرێمی کوردستان و دەستکەوتەکانی بکەن.

مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان ئەمڕۆ سێشەممە بە ئامادەبوونی مەسعود بارزانی و بافڵ تاڵەبانی کۆبوونەوە لە هاگەیەندراوەکدا هاوبەشدا دەڵێت، "کۆبوونەوەی هەردو مەکتەبی سیاسی سەبارەت بە هەواو و پێشهاتەکان و کێشەوگرفتەکانی هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ، بەتایبەتی شایستە دارایییەکان و موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان ئەنجامدرا".

ئاماژەی بەوەشکرد، دوای گفتوگۆ و بیروڕا گەیشتنەوە و لێکدانەوەی هەمو ڕەهەندەکان لە هەوی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، هەردولا هاوڕابون کە هەمو هەوڵەکان چڕبکرێنەوە بۆ چارەسەری کێشە و دابینکردنی موچە و شایستە دارایییەکانی هەرێمی کوردستان و تەواوی ئەو هەنگاوانەی پێویستن لە چوارچێوەی دەستوردا بۆ ئاراستەی چارەسەرکردن بە هاوئاهەنگی هەردولا بهاوژرێن.

بەگوڕی هاگیەندراوکە، بەشکی دیکەی کەبونەوە تەرخان کرابو بە زیاتر پتەوکردنەوەی پەیوەندی پارتی و یەکێتی بە ئەوەی ئاستەنگ و ئاڵنگاریەکان تێپەڕنن و پارێزگاری لە قەوارەی هەرێمی کوردستان و دەستکەوتکانی بکەن. هەروەها جەختیان لە یەکخستنی هەویستی هەمو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و عیراق کردەوە کە هاوکار و پشتیوان بن لە چارەسەری ئەم کێشەیە.